# قەیرانی بڵاوکراوە رۆشنبیریەکان

# پێشنیار :یاسای سەدا یەکی ( ١٪) کولتوور

خەسرۆ پیربال

یەکێك لە سیماکانی کۆمەڵگای شارستانی و پێشکەوتوو، بوونی چەندین بڵاوکراوەو رۆژنامەی بێلایان و سەربەستن وە لە گەلێك لە ولاتانی رۆژئاوادا سەرهەڵدان و گەشەکردنی رۆژنامەو گوڤارەکان، بە دیاردەیەکی زۆر پۆزەتیف و تەندرووستی دەژمێردرێت.

بە درێژایی ئەو دووانزدە ساڵەی ئەزموونی خۆبەرێوەبردنی هەرێمی کوردستانی باشوور، چەند پرۆژەیەکی جیاجیای رۆژنامەی ( ئازاد) سەریهەڵداوە، دیارە لێرەدا ئەوەی مەبەستمە باسی بکەم، پێناسەیەك نیە بۆ رۆژنامەی ئازاد و بنچینەکانی، بەڵکوو زیاتر دەمەوێت باس لە چۆنیەتی بەرێوەبردن و ئابووری ئەو پرۆژە رۆژنامەنووسیانە بکەم لە کوردستاندا، ئەو پرۆژانەی هەتا ئاستێکی باش وزانراو بەشداربوون لە بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگای کوردستانی وە پێشکەوتنی ئاستی هوشیاری و رۆشنبیری.

ئەمرۆکە لە گەلێك لە ولاتانی ئەوروپادا ەی بەتایبەتی لەو ولاتە فەرەنسیەزمانانە ( فرانکۆفۆنیەکان) ، یاسایەك هەیە بەناوی یاسای : سەدا یەکی کولتوور ( La Loi 1% du Culture) )، بە گوێرەی ئەم یاسایە، هەر هاوڵاتیەکی دانیشتووی ولات، سەری ساڵان کاتێك باجی ساڵانەی خۆیان دەدەن، برگەیەکی فۆرمی باجەکانیان تایبەتە بە کولتوور، واتە هەر هاوڵاتیەك دەبێت ( یەك) دۆلار، یان یەك دینار بدەن وەکوو یارمەتیەك بۆ کاروباری کولتووری ولات: کە بە شێوەیەکی سەرەکی پێکهاتووە لە :

- چاپکردنی گۆڤارو بڵاوکراوە رۆشنبیریەکان
- سازدانی ئاهەنگی هونەری و مۆسیقا و گۆرانی
- بەشێکی ئەو پارەیە، دەکرێت وەکوو یارمەتی و دەرماڵی بێت بۆ نووسەران و رۆژنامەنووسان و ستافی رۆژنامەو گۆڤارەکان.

دیارە لەو ولاتانەی ئەوروپا، لەهەر شارێك و هەر گووندێکیان، بەشێوەیەك و بەپێی بارودۆخ و تایبەتمەندیەکانیان چالاکی و بڵاوکراوەی خۆیان هەیە.

لە کوردستانیش وە بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی ساڵی ١٩٩١، ئەو ئازادیە سیاسی و فەرهەنگیەیی هاتە ئاراوە، لێرەو لەوێ چەند پرۆژەیەکی رۆشنبیری سەریهەڵدا، لە شارە گەورەکانی کوردستانی باشوور چەند رۆژنامەو گۆڤار دەرچوون هەتا ئاستێکی باش هەندێکیان دەنگووسەداو خوێنەر و نووسەرانیان لەدەورەی خۆیان کۆکردەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە: لەبەرچی ئەم یاسایە و لەبەرچی تایبەت بە بڵاوکراوە کان و رۆژنامەکان ؟

دیارە بەشێوەیەکی گشتی، وەبەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا و لە کوردستان پرۆسەی بڵاوکردنەوەو دەرکردنی رۆژنامە هەرگیز ناچێتە ناو بوواری بازرگانی و سوودمەندبوون و دەوڵەمەندبوونی سەرنووسەرو و ستافی رۆژنامەکان، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتیمانی و رۆشنفکری ئەنجام دەدەن، لەبەرئەوەیە پاش دەکردنی هەر گۆڤارێك، ئەگەر زەرەری مادی تێدانەبێت، ئەوا بێگوومان تەنها مەسروفات و ماندوبوونیان بۆ دەمێنێتەوە. بێگوومان هەموو رۆژنامەکانی رۆژهەڵاتی وە بەتایبەتی ئەو رۆژنامانەی زمانحاڵی حزبێکن هەرهەموویان ئێواران لە کتێبخانەکاندا دەمێننەوە و کۆن دەبن، بەڵام حیزب دەتووانێت بەردەوامی هەبێت لە دەرکردنی رۆژنامەکانیان ئەگەرچیش نافرۆشرێن بەڵام رۆژنامە ئازادەکانی تر هەمیشە لە قەیران و گرفتی پووڵیدا دەژین. .

لە کوردستانی باشووردا، هەر لە دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی پەیوەستبێت بە دابینکردنی دەرماڵەو یارمەتی ماددی ئەو روژنامانە، لەلایان وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتیمانی کوردستانەوە یارمەتی دەدران، بەڵام قۆناغی نوێ و گۆرانکاریەکانی ئەمرۆکە بارودۆخ و واقێکی نوێ هێناوەتە ئارا، جگە لە هەڵوەشانەوەی هەندێك لەو حیزب و لایانە سیاسی و فەرهەنگیانە، پرسیاری ئەوە خۆی قووتکردۆتەوە، کە چۆن و بە چ



www.kurdistannet.org

شێوەیەك ڕۆژنامەكان بەردەوام بن و نووسەران و ستافەكانیان درێژە بە پرۆژەكانیان بدەن ؟ چۆن دەكرێت پارەیان بۆ دابین بكرێت ؟ لە كاتێكدا هەموومان دڵنیاین لەوەی كە هیچ ڕۆژنامەیەك ناتووانێت وەكوو پرۆژەیەكی بازرگانی بێت و بەردەوامی بەخۆی بدات.

لێرەدا پێشنیاری ئەوە دەكەم، كە پرۆژەیەكی یاسایی ئامادە بكرێت تایبەت بە باجی كولتووری، بۆ ئەوەی لە كوردستانیش، وەكوو گەلێك لە وڵاتانی پێشكەوتوو لەژێر سەیوانی یاسای باج، بڕگەیەكی نوێ دەستنیشان بكرێت بەناونیشانی باجی كولتووری ( ١٪ ی كولتوور) . بە گوێرەی ئەو یاسایە هەر هاوڵاتیەكی كورد، یان هەر هاوڵاتیەكی دانیشتووی عێراق و هەرێمی كوردستانی باشوور ساڵانە یەك دۆلار یان دینار لەژێرناوی باجی كولتوور ببەخشێتە خەزینەی دەوڵەت.
بەمەش ساڵانە ئەگەر بێت و تەنها باس لە هەرێمی كوردستان بكەین، ئەوە ساڵانە زیاتر لە چوار میلیۆن دولار دابین دەكەین بۆ یارمەتیدانی ڕۆژنامە ئازادەكانی وڵات، یان بۆ ئەو گۆڤارو بڵاوكراوانەی كە هەتا ئەگەر بۆ ماوەیەكی كوورتیش ئۆرگانی ڕێكخراوێكی سیاسی كوردیش بووبن، بەڵام لە تەمەنی خۆیان سەركەوتووانە توانیویان خوێنەرێكی زۆر لە دەورەی خۆیان كۆبكەنەوە بۆ نموونەش دەكرێت باس لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و میدیا و گۆڤاری ڕامان بكەین.
دەچوونی ڕۆژنامەیەك چەند پەیوەستە بە بەردەوامی خوێنەرانیەوە، هێندەش پەیوەستە بە شێوازێكی مۆدێرن و بێلایان و سەربەخۆی دەرامەت و ئابووری، لە ڕۆژهەڵاتدا گەلێك جاران، ڕۆژنامە یان گۆڤارێك بەوە تاوانبار دەكرێن، كە هەوادارو لایانگیری لایانێك و حزبێكن، لێرەدا من زۆر بە ڕاشكاوی ئەو وەسوەسەو بۆچوونانە بە ڕاست لە قەڵەم دەدەم، چوونكە بێگوومان لە دەورووبەرێكی ئابووری وەكوو كوردستان و وە بە شێوەیەكی گشتی لەهەموو ڕۆژهەڵاتدا، بێگوومان هەر پرۆژەیەكی ڕۆشنبیری پێوویستی بە یارمەتی ئابووری لایان و كەسایەتی و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت، هەندێك جاران بەناچاری و دوودڵی و گوومانەوە ئەو یارمەتیانەیان وەرگرتووە بۆ درێژەپێدان و بەردەوامبوونی بڵاوكراوەكان، دیارە لێرەدا سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەكان دڵنیان لەوەی ئەم مەسەلەیە زۆریان لەسەر دەكەوێتەوە، بەڵام ئەگەر بێتوو لە وڵاتدا بە گوێرەی یاسا، بە شێوەیەكی بەردەوام بڕە پارەیەك هەبێت ساڵانە، ڕۆژنامەكان دەتووانن بەبێ گرفت و كێشە بە شێوەیەكی چاك بەردەوان بن و هیچ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكانیان دووانەخرێن لە دەرچوون.
بێگوومان ئەمڕۆكە لە هەرێمی كوردستان بارووودۆخێكی نائاسایی ( ئابووری) بە شێوەیەكی دیار هەست پێدەكرێت، گەلێك لە گۆڤارو ڕۆژنامەكان وەستاوون و چەندین مانگە دەرناچن، بۆ نموونە گۆڤاری ڕامان و ڕۆژنامەی میدیا — ئەو دوو بڵاوكراوانەی كە هەزاران خوێنەریان هەیە، بە داخەوە لە كاتێكدا دەتوانرا بە هاوكار و دانووساندن ڕامان لەگەڵ گوڵانی عەرەبیدا، بە شێوەیەكی هاوبەش و جێگۆڕكێ ( تناوب) بڵاوبكرابانەوە.
ئەگەر بێتوو لە وڵاتدا بە گوێرەی یاسا یارمەتی ئابووری دابین بكرێن بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەكان، ئەوە جگە لەوەی بڵاوكراوەكان ئازادانە گەشەیان دەكرد، لەهەمان كاتدا بنچینەكانی كۆمەڵگای ڕۆشنبیرو پێشكەوتوو و ئازاد دەهاتە ئاراوە.
بەگوێرەی یاسای سەدا یەكی كولتوور، هیچ بڵاوكراوەیەكی فەرهەنگی ئازاد تووشی قەیران و گرفتی ئابووری نابن.

هەولێر ٢٠٠٣/٦/٥

Pirbal@hotmail. com

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چوونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.